

# عاشقەکەی
# من ژنی هەبوو؟

باران

دونیا بێدەنگە. وەکو شەوەکانی پێشوو، دەست بە دیواری ناو پلیکانەکانەوە دەگرم و لە حاڵێکدا کە پەنجەکانم بە سەر دیوارەکەدا بێدەنگ دەخشێنم، دانە دانە پێپلیکانەکان دەخەمە شوێن خۆم و دەڕۆمە سەرەوە. دەرگای هەورەبانەکە دەکەمەوە و لە گۆشەی دەرگاکەوە دەستم دەبەمە دەرەوە و تاریکییەکەی دەرەوە ئەدەمە لاوە و کرتە لە کلیلی گڵۆپەکەی سەربان هەڵدەستێنم. بە کرتەی کلیلی گڵۆپەکە، تاریکی هێندە بە خێرایی بەرەو دوا هەنگاو دەنێت لەپڕ دەکەوێتە ناو کۆڵانەکەوە. دەڕۆمە سەر بان. لە بەر گڵۆپەکەدا چەند جارێک بە دەوری خۆمدا دەسوڕێمەوە، تاکو زریوەی تەنورە کەلۆشە ئاڵتونیەکەم لە هەزار مەتر دوورترەوە دیار بێت. دەوەستمەوە. ئاسمان و ئەستێرەکانی و مانگەشەوەکەی هەر هەموویان بە کۆمەڵ بەدەور سەرمدا دەسووڕێنەوە. ڕەتدەبەم. چاوەکانم توند توند لێکدەنێم و بە زۆر قورسایی خۆم دەخەمە سەر قاچەکانم و هەوڵئەدەم خۆم ڕاگرم. هەر کە ئاسمانی دەور سەرم لە سووڕانەوە کەوت، وەکو شەوەکانی پێشوو دەڕۆم بۆ ئەوسەری بانەکە و قورسایی خۆم دەخەمە سەر ئەو دوو ڕیزە خشتەی بە دەوری بانەکەدا سووڕاونەتەوە و تاریکییان کەرتکردووە. چاوەکانم لە سەر ئەو هەموو ڕیزە بانەوە دەپەڕنەوە و لە سەر باڵکۆنی نهۆمی سێهەمی بینا سێ نهۆمیەکەی ئەو سەری شەقامە سەرەکییەکە، کە بە بەردی ڕەش چێکراوە و بەرانبەر بە من درێژ درێژ ڕاوەستاوە، دەنیشنەوە. دیسانەوە گڵۆپەکە کوژاوەتەوە. هەر وەکو دوێنێ شەو، پێرێ شەو و هەموو شەوەکانی پێشوو. دەمێک بوو ڕاهاتبووم بە بینینی تارماییەک کە لە سەر سەندەلییەک لە بەر ڕووناکیی سپیی پشت پەنجەرەکە و لە ناو باڵکۆنەکەدا دادەنیشت. چەند خولەکێک بێجووڵە دادەنیشت ، پاشان سێبەری ژنێک لە پشت پەردەی ژوورەکەیەوە دەردەکەوت و لەپڕ بەخۆی و پەردە سپییەکە و تارمایی پیاوەکە و باڵکۆنەکەوە دەکەوتنە ناو تاریکیەکی چڕەوە. بۆ چەند چرکەیەک زەمەن ڕادەوەستا و لەپڕ زریوە زریوی تیشکێکی کز، دەستیدەکرد بە خۆنواندن. ئەستێرەی بچووک بچووک دەستیاندەکرد بە دروستبوون و من پێموابوو لە بەر ئەو باڵکۆنەوە ئەستێرەکان لە دایکدەبن و هەڵدەکشن بەرەو ئاسمان. بۆ ماوەیەک ئەستێرەکان لە زریوە زریو دەکەوتن و دیسانەوە گرێکی بچووک و دیسانەوە ئەستێرە دانە دانە، دانەدانە دەهاتن و دەڕژانە ناو چاوەکانی من و من بە بێ ئەوەی خۆم بزانم هۆگری ئافرێنەری ئەستێرەکان دەبووم. دڵنیام ئەویش عاشقی من ببوو، چونکە هەموو شەوێک ڕێک هەر لەو کاتەی من دەڕۆیشتمە سەربان، ئەویش دەستیدەکرد بە ناردنی ئەستێرە، بەڵام... بەڵام ئەی ئەو ژنەی سێبەری دەکەوتە سەر پەردە سپیەکە کێ بوو؟ ئەو ژنەی، هەر کە دەردەکەوت هەموو دونیا ڕەشدادەهات؟ پێموابێ من عاشقی پیاوێکی هاوسەردار بووم! پیاوەکەش وا دیار بوو هێندە عاشقی من ببوو، ژنەکەی خۆی لە یادکردبوو. ژنەکەش پێی زانیبووین و لە ڕقان دەهات و دونیای تاریک دەکرد... چەندە ڕقم لێی بوو. ئەو پیاوە هی من بوو، لە بەرچی ئەم بەردەوام لەگەڵی بوو و من دەبوایە لە دوورەوە دڵ بە تاریکی چڕی باڵکۆنەکەی بەر پەنجەرەکەیان خۆش بکەم؟! دڵم داڕماوە. ئەمشەویش گڵۆپەکە هەڵنەکراوە. ئەستێرە بچووک بچووکەکانیش زریوەیان نایەت. بۆنی سیگاری ئەم کابرا ئیفلیجەش دیسانەوە هەستاوەتەوە. کەس نازانێ بۆچی هەموو شەوێک بە خۆی و عارەبانەکەیەوە، لە ژێر دارتێلی کارەبای سەر کۆڵانەکەمان کز دەکات و بە بەردەوامی سیگار دەسووتێنێت و دووکەڵەکەی بەرەو لای من دەنێرێت و بە نیگاکانی قەپاڵم بۆ دادەوەشێنێ. هێندە گەمژەیە نازانێ من عاشقم. عاشقی ئافرێنەری ئەستێرە بچووک بچووکەکان... بیر دەکەمەوە کە ئایا ئەم ئیفلیجەش عاشقی من بووە؟ ئاخر هەموو شەوێک بە خۆی و عارەبانەکەیەوە دێت و دووکەڵی جگەرەم بۆ دەنێرێت. من چاوەڕێی ئەستێرەی بچووک بچووکم نەک دووکەڵی جگەرە.... ڕێک چوار مانگ و بیست و سێ شەوە چاوەکانم لە نیشتنەوەی پۆلە ئەستێرەی بچووک بچووک بێ

بەشن. چوار مانگ و بیست و سێ شەو. دەکاتە سەد و چل و سێ شەو و وابزانم زیاتر لە دە کاتژمێرێک. ناتوانم بە باشی مەزەندەی بکەم کە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا چەند سەعات دەژیم، بەڵام دەزانم ژیانی من لە سەعات دە بۆ ئەو لا دەستپێدەکات و تا سەعاتی بێهیوا بوون درێژە دەکێشێت، بەڵام ئیتر ئەمشەو گەیشتوومەتە ئەوپەڕی بێهیوایی. لەوانەیە ژنەکەی زانیبێتی. ئاخ کە چەندە ڕقم لە ژنەکەیە. دڵنیام زانیویە و دەمەقاڵێی لەگەڵ کردووە و تۆراوە و ڕۆیشتووە بۆ ماڵی باوکی. ئەمیش بۆئەوەی ژیانەکەی تێک نەچێت، بەڵێنیداوە ئیتر من نەبینێت، بۆیە نایەتە ناو باڵکۆنەکەوە و ئیتر ئەستێرەم بۆ نانێرێت. هەڵدەستم بەو هیوایەی ڕەنگە لە شوێنێکی تاریک بە دزی ژنەکەیەوە خەریک بێت سەیرمبکات، لە سەر بانەکە نەختێک دەسووڕێمەوە. دیسانەوە وەکو شێت دەسووڕێمەوە و دەسووڕێمەوە و بە دەنگی بەرز گۆرانی دەڵێم «ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونییی.......» دراوسێیەکەمان سەر بە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەنێت. دڵنیام خەریکە جنێوم پێدەدات. بێهیوا کرتە لە کلیلی گڵۆپەکە هەڵدەستێنم. تاریکی سەربانەکە دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی. بڕیاردەدەم ئیتر نەڕۆمە سەربان. دەرگای هەورەبانەکە دەکەمەوە. دەنگی تایەی عارەبانەی ئیفلیجەکە دێتەگوێم، کە هەروا کز و کزتر دەبێت، چما خەریکە دووردەکەوێتەوە لە کۆڵانەکەمان و دارتێلی سەر کۆڵانەکە و ڕەنگە لە من... دەڕۆمە ژوورەوە. هێمن سەرم دەنووسم بە پەنجەرەکەوە. تارمایی عارەبانەکەی ژێر دارتێلەکەش دیارنەماوە. بەرەو لای ژوورەکە ئاوڕدەدەمەوە. دایە و بابە، یەکیان لەم سەر و یەکێکیان لەو سەری ژوورەکەوە لە باوەشی بەتانیەکەیاندا، پرخە پرخ بە ئاوازێکی نیوە هێمن و نیوە خێرا کورسیان گرتووە. لە پەنجەرەکە دووردەکەومەوە بێدەنگ لە مەودای سەد و شەست دوو سانتیمەوە و لە سەر دوو پێی لاوازەوە ڕادەوەستم و لێیان ڕادەمێنم. لە سەر سەری دایکم دادەنیشم و بۆ پێکەنین لوتی دەگرم. لێوی توند دەنوسێت بە یەکەوە و هەر کە دەبینێت هەناسەی بۆ نادرێت خێرا بە دەنگی پرتەیەک لێوەکانی لێکدەکاتەوە. بەم جووڵە خێرایە، شەپۆلێکی خێرا لە کوڵمەکانیەوە دەستپێدەکات لە غەبغەبەی و مەمکەکانی و زگیەوە دەپەڕێتەوە و دەگاتە شلکەی ڕانەکانی و لەوێ ئوقرە دەگرێت. توند دەست بە دەرگای دەممەوە دەگرم و بەر لەوەی بدەم لە تریقەی پێکەنین، لە سەر پەنجەی پێیەکانم بە هەنگاوی بچووک بچووک لە ژوورەکە ڕا دەکەمە دەرەوە و خۆم بە ژوورەکەی خۆمدا دەکەم و وەکو مارێکی سڕ دەخشێمە ژێر بەتانیەکەم. سەدان جار ئەمدیو ئەودیو دەکەم. خەوم لێ ناکەوێ دەبێ هەموو شتێک یەکلایی بکەمەوە. بەیانی دەڕۆم لە دەرگایماڵەکەیان دەدەم. ئەگەر ژنەکەی بیکاتەوە بە قژ ڕایدەکێشم و ئەگەر خۆی بیکاتەوە، دەڵێم خۆشیم دەوێ، ئینجا دەگریم، بە مشت لە سنگی دەدەم و دەڵێم بۆ ونی؟ بۆ ئەستێرەم بۆ نانێری؟ بۆ بە قسەی ژنەکەت دەکەی؟... ئەم بەیانییە زوو لە خەو هەستاوم. دەبێ خۆم یەکلایی بکەمەوە. لە کۆڵانەکەی سەرووی ماڵی خۆمانەوە لا ئەدەم، بۆئەوەی ڕێک بمبات بۆ بەر ماڵە سێ نهۆمیەکەی ئەوسەری شەقامە گشتییەکە. پەشۆکانم هەیە. یەکەمجار دەبێت لە نزیکەوە بیبینم هەڵبەت ئەگەر بتوانم بیبینم. دەست و پێم دەلەرزن. هەستدەکەم دانیشتوانی ئەو کۆڵانەی پێیدا دەڕۆم هەموویان لە پشت پەنجەرەکانەوە سەیرمدەکەن. دڵنیام هەموویان دەزانن عاشقی پیاوێکی خێزاندار بووم و خەریکم بۆ لای ئەودەڕۆم. بەردێکی گەورە لە سەر سنگمدایە لێناگەڕیت هەناسە بدەم. دڵم دەیەوێ لە سنگم بێتە دەرەوە... بیر لەوە دەکەمەوە کە ئاخۆ خۆی دەرگاکە دەکاتەوە یان ژنەکەی؟ چی پێبڵێم؟... هەموو ئەو شتانەی دوێنێ شەو پرۆڤەم لە سەریان کردبوو لە بیرم چووەتەوە. ئێستا لە بەر دەرگاکەیانم. دەڕۆمە پێشەوە و دەمەوێ زەنگ لێبدەم. لە دوو قادرمەکەی بەر دەرگاکەوە دەچمە سەرەوە و دەست بۆ زەنگەکە دەبەم، بەڵام دەستم دەگەڕێتە دواوە. بە قسەم ناکات. دێمە خوارەوە و سەرم بەرز دەکەمەوە و بۆ

ژووری لای چەپی نهۆمی سێهەمی بیناکە دەڕوانم. باڵکۆنەکە کەسی لێ نیە. لە پشت محەجەرەکانیشەوە هیچ سەندەلییەک نابیندرێت. لەوانەیە ژنەکەی لە ڕقی مندا لاییردبێت. دیسانەوە ڕقم لە ژنەکەی دەبێتەوە. لەپڕ دەنگی دەرگاکە دێت. یەکێک دەرگاکە دەکاتەوە. بێئاگا لە خۆم خێرا لە سەر شۆستەکە دەستدەکەم بە ڕاکردن. لە بەر مارکێتێکی بچووکدا دەوەستم و ئاوڕئەدەمەوە و لە دەرگاکەیان ڕادەمێنم. ژنێک هاتووەتە دەرەوە و نووشتاوەتەوە و هەوڵدەدات شتێک لە سەر لێواری دەرگاکە ڕابکێشێتە دەرەوە. وابزانم ژنەکەیە. هەر بەو جۆرەی کە نووشتاوەتەوە و خەریکی ڕاکێشانی ئەو شتەیە سەیرێکی من دەکات. سەیری جامخانەی دوکانەکە دەکەم و بە دزییەوە سەرنجی دەدەم بزانم لە من جوانترە. ئوە ، نە. پیرە. لە دایکیشم بەتەمەنتر دیارە، بەڵام لاوازە. نازانم چیکرد، بەڵام پێموابێ کارەکەی تەواودەبێت و دەڕواتە ئەو دیو دەرگاکەوە. جووتێک تایەی بچووک. جووتێک قاچ، عارەبانەیەکی کەم ئەندامەکان کە پیاوێکی گەنج لە سەری دانیشتووە و ژنێکی بەتەمەنی لاواز، کە پاڵ بە عارەبانەکەوە دەنێت و هەوڵدەدات لە قادرمەکان بیپەڕێنێتەوە. دێنە سەر شۆستەکە. لە شوێنی خۆمدا وشکبووم. لێم نزیک دەبنەوە و لەبەر مارکێتەکەدا ڕادەوەستن. هەناسەم بۆ نادرێت. ژنەکە دەڕواتە ناو دوکانەکەوە و پیاوەکە جگەرەیەک دادەگیرسێنیت و لە ژێر چاوەوە سەرنجمدەدات. بۆنی دووکەڵی جگەرەکەی هەناسەم توندەکات. هەناسەیەکی قووڵی پڕ لە دووکەڵ هەڵدەمژم و توند توند دەست بە قایشی جانتاکەمەوە دەگرم و بە بێ ئەوەی لێی بڕوانم خێرا دووردەکەومەوە. لە پشت سەرمەوە دەنگی عارەبانەکە بەرزدەبێتەوە و کز و کزتر دەبێت. چما لە مارکێتەکە و لە شەقامەکە و ڕەنگە لە من دووردەکەوێتەوە...



**ڤیدا قادری**

- سالّی ١٩٨٢ لە سنە لە دایکبووە.
- بەشی ژمێریاری تەواوکردووە.
- هەر لە منداڵییەوە هەوڵی نووسینی داوە.
- هەم شیعر ، هەم چیرۆک بە هەر دوو زمانی فارسی و کوردی دەنوسێت.
- شیعر و چیرۆکەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوبوونەتەوە.
- کۆمەڵە شیعرێک بەناوی (پسوولەی دۆزەخ)،کۆمەڵە چیرۆکێک بەناوی (سێو بوو یان هەنار)م ئامادەی چاپن.
- کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمانی وەرگێڕاوە.




لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا